

دەریـا ڕەوانـدزی

# بەئاسمانم دەڵێم

1

سوێند دەخۆم...
هەر هەموو جیهان
لەچاوی تۆ دەبێنم
هەموو ئێوارەیەك
لەباخەكانی وجودیەتم
لێوم بە شەونمی گوڵەكان
تەڕ دەكەم و
گۆرانیەك بۆ هاتنەوەی
پاساریەكان دەچڕم
چۆن زەمەنێكە
لێرە دەرناكەون و
بیری هاتنەوەیان دەكەم
تاریكی را دەخەم
مانگ ناخەوێ
ئەستێرەكان
سەما دەكەن
با دەتۆرێ
هەور دەگری
تۆ بۆ دەرناكەوی
لەحزورت تەفسیری شەپۆلەكانی ناخم بكەم
تۆ بۆ دەرناكەوی
لەباوەشت تەفسیری عیشقت بۆ بكەم
تۆ بۆ دەرناكەوی
دەریا تینووی ماچێك و
ژوانێك دەكات
دەترسم دڵم بەر بەردێكی رەق بكەوێ
نە وەك هەر خۆم شەپۆلەكانی عیشقیشم
تێك بشكێ!.

2
ئەگەر تۆ...
بەڵێنی هاتن دەدەی
بەئاسمانم دەڵێم:
تاریکی لەباڵای شەو نەکات
مانگ و ئەستێرە
شەرمەزار نەکات
ئاخر دەزانی...
کە تۆ دێی
تاریکی را دەکات
مانگ و ئەستێرە ون دەبن
ئاخر دەزانی...
کە تۆ دێی
دەریا چۆن باوەشت پێدا دەکات
نا تۆ نایێی
خۆم دەزانم
شەپۆلەکانی ناخم
لێوی کەنارەکان تەڕ نەکات
ماسیەکان
بۆ هەناسەیەك دەخنکێن
تۆ نایێی
چۆن ژیانم
لەنێو لەپی تۆ دەست پێدەکا!.
3
دایکم یەك پرسیاری هەبوو بۆ ژیان
دوای دۆزینەوەی باوکم
ئەو پرسیارەی نەما
تەنها دەیزانی دڵی ئارام لێدەدات و
بەهاری تەمەنی هەتا ئەبەد
سەوز دەبێت
ئێستا هەمان پرسیارم هەیە
بەڵام نازانم
کەی ژیان وەڵامم دەداتەوە
نازانم ئاخۆ بۆ هەتایە
وەك دایکم دەبم
یاخود بۆ هەتایە
بەچاوەڕوانی
بەهاری دڵ دەمێنمەوە
دەزانم...
کە تۆ ون بی

بەهاری تەمەنم
هیچ کات سەوز نابێ و
هیچ گوڵێ نابێنم
لەباخی تەمەنم سەوز بێ!.
4
باوکم
زۆر خەونی منالًی
بۆ گێرامەوە
هیچ خەونێکی باوکم
لەخەونی من ناچێ
ئەو خۆشبەختی دۆزییەوە
لەدڵی دایکم
من لەم جیهانە
خەونێکی بچوك و
تۆیەکی مەزنم هەیە
نازانم چۆن جیهان
لەمەزنی تۆ بدۆزمەوە
ئێستا تۆم هەی
بۆ مانەوەم
نازانم کەی تۆ منت دەبێ
بۆ هاتنە دی خەونەکانی من!.
5
بەبێ تۆ...
هیچ شتێك روو نادات
ئەو دڵەی من
چەند لەبەستەلەك دەچێ
کەس ناتوانێ
لەتۆ زیاتر
تێیدا بژی و ئارام بگرێ
ئیتر خۆم دەزانم
چۆن بیرت دەکەم و
چاوەڕواني تۆ
لەباڵام دەچۆڕێ
گەر دەرکەوی
خۆت دەتوانی
بەستەلەکی ئەو دڵەم
بە وشەیەك بتوێنیەوەو
جیهانێك بەخۆشەویستی
بونیات بنێین!

6
ئێستا دەبێنم
تۆ ئەو کەسەی
کە من دەمەوێ
لەگەڵما بی
خۆشەویستمی، ژیانمی، رۆشنایی
هەردوو دنیامی
وەرە رۆحم رۆشەن کەوە
بەتیشکی چاوەکانت
وەرە ژیانم سەوز کەوە
بەگرتنی دەستەکانم
وەرە تێنوێتیم بشکێنە
بەو وردە ماچانەی
کە لەماسیەکانی ناخم نەبێ
لەهیچ شتێ ناچێ!.
7
دەبێ بزانی...
من شازادە کیلۆپاترا نیم
لەباوەشی هەموو کەسێ بخەوم
هەموو جیهان سەرسام بکەم
بەجوانیەکەم
بەرەو
تەنیایی خۆم دەڕۆم
رێگاکان ونم ناکەن
هەر بەرەو
ئەو ژوانەم دەبنەوە
کە چاوەڕوانی تۆی تێدا دەکەم و
بۆم دەرناکەوی!.
8
ئەوانەی دێن و
لەسەر عیشق بۆم دەدوێن
لەتۆ ناچن
زمانیان بەخشندەو
جەستەیەکی برسي
لەچاوانم دەڕوانن
لەدڕندەیەکی برسی دەچن
ئای بیرت دەکەم
وشەی شیرین و
ناخی میهرەبانت
وەك پەڕەی گوڵ جوان و

وەك ئاو نەرمن
ئیتر بیری تۆ نەبێ
بیری هیچ کەسێ ناکەم
با بدوێن
نەدەیبیستم و نە گوێ دەگرم
بەراست تۆ کەی دێیتەوە؟!.
9
کە نایەیتەوە...
نازانم قژم هەڵدەمەوە
یاخود
چاوەڕوانی پەنجەکانی تۆ بکەم
لەدەریای قژی رەشم
شەپۆل بە تەلەکانی قژم بدات
کە نایەیتەوە
نازانم کام جل بپۆشم
رەش وەك شەو
یاخود
سپی وەك بەفر
نا هیچیان ناپۆشم
رەش بۆنی مەرگی لێدەکەم و
سپی بۆنی بوکێنی
تۆ وەرە ببە کەشتیوانی دەریا
ناخم پڕ کە لەبۆنی عەترت
بەهاتنی تۆ...
ماسیەکان چ سەمایەك دەکەن
مانگ چۆن خۆی دەشوات!.
10
کە گوڵەکان دەگرم بەدەستمەوە
پانتۆلە سپیە پەشمەیەکەم
لەبەر دەکەم و
بەنێو تاریکی هەنگاو دەنێم
بەسەر لێوی شەپۆلەکان
پیاسە دەکەم
بیستومە پەری دەریاکان
گۆرانی دەچڕن
چەند خۆش دەبێ
تۆ لێرە بی
نۆتەکانی خۆشەویستیم بژەنی
چەند ئارام دەبم
لەسەر کەشتی عیشق

بەگۆرانی بمخەوێنی
لێمگەڕێ...
گەر لێرەش نەبی ئاسودەم
کە پێم دەڵێی: خۆشم دەوێی!.
11
لەهەموو شتێ خۆش دەبم
دووری، رۆیشتن، ئاوابوون، تەنیایی، چاوەڕوانی، غەریبی، .........
هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ تێکدەشکێنن
تەنها تۆ هی من بە!

کەنەدا/ئەلبێرتا
دەریـا ڕەوانــدزی